سەعدی پیرە: برادەران وەک ئۆفیسیان لێهاتبوو هەر کێیان دەهێنا یا عەرەب یا خەڵکی ڕۆژئاوا دەردەچوو

سەعدی پیرە: برادەران وەک ئۆفیسیان لێهاتبوو، هەر کێیان دەهێنا یا عەرەب یا خەڵکی ڕۆژئاوا دەردەچوو.

سەعدی پیرە لە میانی کۆنگرێیەکی ڕۆژنامەنوسی ئەمە دووشەممە لەبارەی جموجووڵکانی پارتی لە هەولێر لە ڕۆژی 31ـی ئاب کردییان، ڕایگەیاند، "پێمان سەیربوو برادەران لە ڕۆژی 31ـی ئاب ئەو جموجووڵیان هەبوو، بەڵام وەک ئۆفیسیان لێهاتبوو، هەر کامەکیان دەهێنا یا عەرەب دەردەچوو، یا خەڵکی ڕۆژئاوا.

شایەنی باسە...

ڕۆژی 31ـی ئاب، ژمارەیەک لایەنگری پارتی دیموکراتی کوردستان بە پشتیوانی لە حیزبەکەیان لە بەردەم مەکتەبی سیاسی یەکێتیی لە هەولێر کۆبونەوەو میدیاکانی ئەو حیزبەش بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ڕووماڵی ئەو چالاکییەیان کرد، بەڵام کاتێک یەکێک لە پێیامنێرەکان ویستی پرسیار لە چەند لایەنگری پارتی بکات، ئەو کەسانە وتیان کە عەرەبن و زمانی کوردیی نازانن، بە ئەوارەی هەمان ڕۆژ دوبارە لایەنگرانی پارتی لەبەردەم قەڵای هەولێر کۆبونەوە، دووبارە لە پێخشی ڕاستەوخۆ یەکێک لە لایەنگرانی پارتی وتی من خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستانم.

مەبەستی سەعدی پیرە لە بەکارهێنانی دەستەواژەی عەرەب و ڕێژناوا ئاماژە کردن بوو بە ئەو دوو هووداوە، لەهەمان کات بەکارهێنانی دەستەواژەی ڤێئوف، مەبەستی ئەو دەستەواژەیە بوو کە لە سۆشیال میدیا کورتە تەمسیلییەکی کەمیدی هەیە کە یەکێک لە ئەکتەرە کەمیدییەکان بانگی ئەکتەرێکی دیکە دەکات و پێی دەڵێت "ڤێئوف حەیامان چوو یا نا؟" ئەمە بووە بە ترەند لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان. سەعدی پیرە بە بەکارهێنانی ئەو دەستەواژانە ئەم کارانەی پارتی بە حەیاچوون ناوبرد کە لە بەرامبەر حیزبەکەی یەکەتیی کردوویەتی.